# کاریگەری ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لە بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان لەلای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان

[توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە]

**پ.ی.د.حەسەن فەخرەدین خالید**

زانکۆی سلێمانی

hassan.khallid@univsul.edu.iq

**م.ی .سۆران حمەئەمین ئەحمد**

زانکۆی سلێمانی

soran.hamaamin@univsul.edu.iq

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٣/٤**　　**ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٤/٧**

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی کاریگەریی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لە سەر بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان لە لایەن خوێندکارانی قۆناغی سێهەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لەزانکۆی سلێمانی. بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، ڕێبازی ئەزموونی بەکارهاتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە ٧٩ خوێندکار پێکهاتووە. نموونەیەکی ٦٠ خوێندکاری هەڵبژێردراوە و دابە شی سەر دوو کۆمەڵ کراوە، بە شێوەیەک، کە ٣٠ خوێندکار بۆ کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو دابەشکراون، تا بەشێوازی نەریتی بابەتەکە بخوێنن و ٣٠ خوێندکاریش بۆ کۆمەڵی ئەزموونی، تا بە ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە بخوێنن؛ هەروەها نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی تەمەن، و ئاستی زیرەکی هاوتاکراوە. دواتر، تاقیکردنەوەیەکی ٦٠ بڕگەیی تایبەت بە چەمکە مێژووییەکان لە سێ شێوازی پرسیاردا دانراوە. دوای کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان و ڕاڤە و شیکردنەوەی ئاماریی، توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەرچاو لە نێوان تێکڕای نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵی ئەزموونی و کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو هەیە. توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی،کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان تێکڕای نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵی ئەزموونی و کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو هەیە.( کە (٤،٠٨٠) نمرە بوو گەورەتر بوو لەنرخی خشتەیی، کە(١،٩٦)، بەنمرەی ئازاد(٥٨)، لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥))هەروەها (کە بەهای (ت) ئەژمارکراو یەکسانە بە(١٠،٤١٠)و بەهای خشتەیی یەکسانە بە(١،٩٦) نمرەی ئازاد بریتییەلە (٥٨)لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) لە

کۆتاییدا، توێژینەوەکە گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی ستراتیجی خوێندنی ئاوێتە کاریگەرییەکی باش و بەرچاوی هەیە لە بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان لای خوێندکارانی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان. هەروەها توێژینەوەکە پێشنیاز دەکات مامۆستایانی مێژوو لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی گرنگی پتر بە ستراتیجی خوێندنی ئاوێتە بدەن، چونکە جگە لە گرنگییەکەی هۆکارێکیشە بۆ ئامادەکردنی خوێندکاران و مامۆستایان بۆ هەر دۆخێکی نەخوازراو کە خوێندنی ناوپۆل پەکبخات.

**کلیلە ووشە:** فێرکردنی/ فێربوونی ئاوێتە، چەمکە مێژووییەکان، ستراتیج

**الملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى تحديد تأثير استراتيجية التدريس المختلط على اكتساب المفاهيم التاريخية من قبل طلاب السنة الثالثة من قسم العلوم الاجتماعية-كلية التربية الأساسية-جامعة السليمانية. لتحقيق هدف الدراسة ، تم استخدام الطريقة التجريبية.

يتكون مجتمع الدراسة من ٧٩ طالبا، تم اختيار عينة من ٦٠ طالبا وتقسيمها إلى مجموعتين ، مع ٣٠ طالبا في المجموعة الضابطة لدراسة الموضوع تقليديا و ٣٠ طالبا في المجموعة التجريبية لدراسة الموضوع باستخدام استراتيجية التدريس المختلطة; تتم مطابقة عينة الدراسة أيضا وفقا لمتغير العمر ومعدل الذكاء، علاوة على ذلك ، يتم تعيين اختبار مكون من ٦٠ عنصرا يتعلق بالمفاهيم التاريخية في أنماط من ثلاثة أسئلة، بعد جمع البيانات والتحليل الإحصائي ، تظهر النتائج أن هناك فرقا إحصائيا كبيرا بين متوسط درجات الطلاب في المجموعة التجريبية والمجموعة الضابطة. التى (٤،٠٨٠) أكبر من القيمة الجدولية وهي (١،٩٦)، وبدرجة حرية (٥٨)، عند مستوى الأدلة (٠،٠٥)) و(حيث القيمة المحسوبة (التائى) تساوي (١٠،٤١٠ الجدولة وقيمتها تساوي (٩٦،١) ودرجة الحرية).( ٥٨) عند مستوى الأدلة (٠٥،٠)

أخيرا ، خلصت الدراسة إلى أن استراتيجيات التعلم المختلط لها تأثير إيجابي كبير على اكتساب المفاهيم التاريخية بين طلاب قسم العلوم الاجتماعية، كما تشير الدراسة إلى أنه يجب على معلمي التاريخ في قسم العلوم الاجتماعية بكلية التربية الأساسية إيلاء المزيد من الاهتمام لاستراتيجيات التعلم المختلط ، لأنه بالإضافة إلى أهميته ، فهو أيضا سبب لإعداد الطلاب والمعلمين لأي مواقف غير مرغوب فيها تعطل التعلم في الفصل.

**Abstract**

The aim of this study is to determine the effect of blended teaching strategy on the acquisition of historical concepts by third year students of the Department of Social Sciences- College of Basic Education- University of Sulaimani. To achieve the study objective, the empirical method was used. The study population consists of 79 students. A sample of 60 students was selected and divided into two groups, with 30 students in the control group to study the subject traditionally and 30 students in the experimental group to study the topic with blended teaching strategy; The study sample is also matched according to the variable of age, and IQ. Moreover, a 60-item test concerning historical concepts is set in three-question styles. After collecting data and statistical analysis, the results show

that there is a significant statistical difference between the average scores of students in the experimental group and the control group. Which (4.080) is greater than the tabulated value, which is (1.96), and with a degree of freedom (58), at the level of evidence (0.05)) and (where the calculated value (T) is equal to (10.410, the tabular value is equal to (96.1) and the degree of freedom). (58) At the level of evidence (05.0) Finally, the study concluded that blended learning strategies have a significant positive effect on the acquisition of historical concepts among the students of Social Sciences Department. The study also suggests that the teachers of history in the Department of Social Sciences of the College of Basic Education should pay more attention to blended learning strategies, because in addition to its importance, it is also a reason to prepare students and teachers for any unwanted situations that disrupt classroom learning.

## یەکەم ناساندنی توێژینەوەکە

### ١-١ : کێشەی توێژینەوەکە:

لەئێستادا فێرکردنی بابەتە مێژووییەکان ڕووبەڕووی چەندین گرفت بۆتەوەو هەندێکیان پەیوەندییان بە سروشتی بابەتەکە و شێوازەی ڕێکخستنی پرۆگرامەکان و فراوانییەکەیەوە هەیە، هەندێکی دیکەشیان وابەستەیە بە مامۆستایانی بابەتی مێژووەوە، کەدەستبەرداری ڕێگەو شێوازە نەریتییەکانی فێرکردن نابن، بەتایبەت ئەو ڕێگەو شێوازانەی، کە پشت بە ئەزبەرکردن دەبەستن. مخابن، مامۆستایانش خۆیان بەدوور ئەگرن لەبەکارهێنانی ئەو ستراتیج و ڕێگە هاوچەرخانەی وانەوتنەوە، کە دەبێتە هۆکاری زیادبوونی لێهاتوویی و ئەزموونی خوێندکاران، کەپەیوەستە بە بابەتەکەوە،هەر بۆیە، ئەگەرسەرنج بدرێت، دەبینین ستراتیج و ڕێگەی هاوچەرخی زۆر هەن، کە لە ئێستادا دەرکەوتوون، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، مامۆستایان نەیانتوانیوە سوودیان لێوەربگرن، ئەم بابەتەش ڕەنگە بەهۆی نەبوونی بەدواداچوونی مامۆستایانەوە بێت بۆ ئەو گۆڕانکاریی و پێشهاتانەی کەبۆ بواری پەروەردە دەرکەوتوون. فێرکردنی ئاوێتە، یەکێکە لە ستراتیجییەتە هاوچەرخەکان لە پەروەردەدا،کە وردە وردە دەستیان کردووە بە جێگرتنەوەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە زۆربەی دامەزراوە پەروەردەییەکاندا( سلامة ، ٢٠٠٥، ١٩ ).چەمکی فێرکردنی ئاوێتە، وەکو جێگرەوەیەك بەرامبەر ئەو زیادەڕۆییە نەشیاوانەی لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا دەکرا لەپرۆسەی فێرکردن و فێربوون سەریهەڵدا. تەکنەلۆژیای نوێ لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا بووە بەهۆی دەرکەوتن و ناساندنی. لەڕاستیدا فێرکردنی ئاوێتە جۆرە ستراتیجێکە، کە مامۆستا پەنای بۆ دەبات لەڕێگەی ئاوێتەکردنی ژینگەی فێرکارییە جیاوازەکان و چالاکییە جیاوازەکانەوە، کە تیایدا فێرخواز سەنتەری سەرەکیی پرۆسەکەیە(الفیقی، ٢٠١١، ١٥). ڕۆڵی مامۆستا لەفێرکردنی ئەلیکترۆنیدا لە پۆلە گریمانەییەکاندا جیاوازە لەگەڵ مامۆستای نەریتی لە پۆلە نەریتییەکاندا، کە تیایدا لێهاتووییەکانی مامۆستا لەفێرکردنی ئاوێتەدا یەکدەگرێت و پێدەچێت کاریگەری زیاتری هەبێت لەسەر پرۆسەی فێرکردن(عبدالرحمن، ٢٠١٦، ٣١٠).

پرسیاری سەرەکی و بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە:-

**ئایا بەکارهێنانی ســتراتیجی فێرکردنی ئاوێتە کاریگەریی هەیە لە بەدەســتهێنانی چەمکە مێژووییەکان لەلای خوێندکارانی بەشی زانستەکۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی سلێمانی؟**

**٢-١ :گرنگی توێژینەوەکە**

ئەو گە شە سەندنە زانستییە بەرفراوانەی لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەمدا دەرکەوت، کاریگەرییەکانی بواری تەکنەلۆژیایدا ڕەنگیدایەوە، تا ئەو ئاســتەی بەســەدەی تەکنەلۆژیا ناســرا. ئەمەش پێشکەوتنێکی خێرای لەسەرجەم کایەکانی زانست و مەعریفەدا بەدوای خۆیدا هێناو بووبە تایبەتمەندی بنەڕەتی ئەم ســەردەمە لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا. گومانی تێدا نییە، کە ئەو گۆڕانکاریانەی، کەڕوویانداوە پشکی شێری بەر بواری پەروەردە دەکەوێت، لەدەرکەوتنی کەرەستەی فێرکاری نوێ وبابەت وپرۆگرامی تازە وتاقیکراوەو کرانەوەی بوار بۆ گەڕان و بەدەستهێنانی زانیاری و چەندانی دیکەش. ئەمە جگە لەو گۆڕان و گەشەسەندنەی ،کە لە ستراتیج و ڕێگە و ڕێبازەکانی وانەوتنەوەدا دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەو پێیەی مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕان و گەشــەکردندایە لە هەموو لایەنە کانی ژیانیدا، لەبەرئەوە پێویســتە پەروەردە کاران بەردەوام زانیارییە کانیان نوێ بکەنەوە و پەرە بەتواناکانیان بدەن وئاســتی شــارەزاییان بەرز بکەنەوە بۆ خزمەتکردنی خۆیان و خوێندکارەکانیان، بۆ ئەوەی لەگەڵ ســەرجەم گۆڕانکارییەکاندا خۆیان بگونجێنن(عبدالرحمن، ٢٠١٦، ٣١٥). ســتراتیجەکانی فێرکردن ئامرازێکی ســەرەکین، کە لە ڕێگەیانەوە مامۆســتایان بۆ هەموو قۆناغەکان لەگشــت ناوەندەکانی خوێندندا دەتوانن ئامانجە ویســتراوەکانی پەروەروەدە بەدەســـت دەهێنن، جا ئامانجەکان بۆ هەر بابەت و پرۆگرامێك بن، بەو پێیەی ســـتراتیج و ڕێگەو شێوازەکانی وانەوتنەوە لەلایەن مامۆستایانەوە وابە ستەی کۆمەڵێک شارەزایی دەکرێن بۆ گەیشتن بە گە شەکردنی هەمەلایەنە و یەکگرتوو بۆ بنیاتنانی خوێندکاران بەمەرجێك ئامانجە پەروەردەییەکان و بابەتە زانســتییەکە یەکتری تەواو بکەن (الواکیل و مەحمود، ٢٨، ٢٠٠١).

**هەر لەم چوارچێوەیەدا ،دەتوانرێت گرنگیی ئەم توێژینەوە لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو،کە بریتین لە:-**

1. بە ســوودوەرگرتن لە ئەنجامی توێژینەوەکە، وەزارەتی خوێندن باڵا دەتوانێت وەك بەشــێك لە بەرنامە و کاری وەزارەت، کار بە ڕاسپاردەکانی بکات بۆ سوودبینین لە دۆخی ناکاو ونەخوازراوی دیکەی هاوشێوەی کۆرۆنا.
2. بایەخی ڕاســتەوخۆی لەســەر ئاســتی فێربوونی خوێندکاران دەبێت، بەهۆی دەســتنیشــانکردنی باشــترین ســتراتیجی وانەوتنەوە.
3. توێژینەوەکە بە شداری لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیدا دەکات بە پێشکە شکردنی ئەدەبیات بە زمانی شیرینی کوردیی ،کە ئەمەش بەپێی زانیاری توێژەر، تا ئێستا توێژینەوەی لەسەر نەکراوە.
4. دەکرێت توێژەران سوود لە ڕێباز وئەدەبیاتی توێژینەوە و ڕاسپاردەکانی وەربگرن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە.

**١-٣: ئامانجی توێژینەوەکە:**

دیاریکردنی کاریگەری ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی.

**١-٤ : گریمانەی توێژینەوەکە:-**

1. هیچ جیاوازییەکی، بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی سەرەتایی وکۆتایی خوێندکارانی کۆمەڵی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکاندا نییە.
2. هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ جیاوازییەکانی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆمەڵی کۆنترۆڵکراودا نییە بۆ کاریگەری و وەرگرتنی وانە بەستراتیجیەتی خوێندنی ئاوێتە بۆ بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان.

**١-٥: سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە:-**

بە گشتیی، سنوری توێژینەوەکە چەند لایەنێك لە خۆدەگرێت:

- سنوری بابەتیی: کاریگەری ستراتیجیی فێرکردنی ئاوێتە لەبەدەستهێانی چەمکە مێژووییەکان.
- سنوری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستەکۆمەڵاییەتیەکان.
- سنوری شوێنی: بەشی زانستەکۆمەڵاییەتیەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی.
- سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣).

**١-٦: پێناسەی چەمك و زاراوەکان.**

**ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە** بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت :-

- ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە بریتییە لەو شێوازەی کە فێرکردنی نەریتی پۆلەکان(ڕووبەڕوو) و فێرکردنی ئەلیکترۆنی( ئۆنلاین وئۆفلاین) تێکەڵاودەکات لەگەڵ هەندێک چالاکی گەڕانی ئەلیکترۆنی لەئینتەرنێتدا بەبەکارهێنانی کەرەستە ئەلیکترۆنییە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن وەک ئیمەیڵ و کلاسڕووم بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان مامۆستا و خوێندکار لەدوورەوە ( محمد، ٢٠٢٠، ٥٠١).

- **پێناسەی ڕێکاری ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە:** بریتییە لەوستراتیجە هاوچەرخەی فێرکردن، کەبەهۆی دەرکەوتنی بەڵای کۆڤید ١٩ وە دەرکەوت، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وەك بژاردەیەکی ناچاری پەنای بردەبەر بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە نالەبارە،ئەویش بەئاوێتەکردنی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لەگەڵ شێوازی نەریتیەکانی وانەوتنەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن سوود لەپرۆسەی فێرکردن وەربگرن بەو شێوازەی کە لە توانادا هەیە.

**چەمك:**

- چەمکەکان سەرجەم ئەو شتانەن، کە لە ژینگەدا هەن و بەرجەستە دەکرێن، یان ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئاینی وپەروەردەییانەن، کەڕەنگدانەوەی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە و دیاردە و

ژینگەی دەوربەر هەن، لەبەرئەوەی چەمکەکان؛ کەرەستەیەکی هێماییین بۆ گوزارشتکردن لە واتاو هزر و بیری جیاواز، بە مەبەستی گەیاندنی بە کەسانی دیکە(بۆکانی، ٢٠٢٠ : ١٣٩).

- چەمك : بریتییە لە کۆمەڵێك شــت، یان ئاماژە، یان بابەت یان بنەما، یان ڕووداوی تایبەت، کە هەمووی کۆدەکرێتەوە لەسـەر بنەمای ئەوەی کە پەیوەندی هەیە لەنێوانیاندا لەو تایبەتمەندیانەی کە لە چوارچێوەی بەشـێوەی دیاریکراودا هەیە بە پێوانەیەکی دیاریکراو (عطیة، ٢٠١٣ : ٦٨).

**چەمکە مێژووییەکان:**

- چەمکی مێژوویی دەربڕینێکی کورت وپوخی ڕووتن(ئەبسـتراکتن)و لەڕووی واتاوە ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک ڕاسـتی مێژوویی و بیرۆکەی مێژوویی دەربارەی کات و شـوێن، کە لە ڕووی واتاوەکۆمەڵە خەسـڵەتێکی هاوبەش دەربارەی ڕوداوێکی مێژوویی لەخۆدەگرێت، هێمایەك لە هزری تاکێکدا سـەبارەت بە بابەتێکی مێژوویی دیاریکراو دروستدەکات (باوزیروئەوانی دیکە،٢٠١١ :٦١).

**بەدەستهێنانی چەمکەکان:**

- بە وەسفکردنی شتەکان، بارودۆخەکان، یان تێگەیشتنە عەقڵییەکان، کە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە لەوانی دیکە جیایان دەکاتەوە و بە یەک ،یان دوو وشە دەربڕدراون، یان وەسفکردنی تاکە شتێک، یان تاکە بوونێک، کە تایبەتە لەوەی لە گەردووندا هەیە. (الحریشە، ٢٠١٢ ، ٨٣).

- پێناسـەی ڕێککاری : خەملاندنی ئەو زانیاریانەی، کە خوێندکارانی قۆناغی سـێیەمی بەشـی زانسـتەکۆمەڵایەتیەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بەدەسـتیانهێناوە، دەربارەی چەمکە مێژووییەکانی لە بابەتی مێژووی عێراقی هاوچەرخدا، کەپێویسـتە چەمکەکان بناسـێنن و جیاکاری(هاوێر)بۆچەمکەکان بکەن و نموونەیەك لەسـەر چەمك(تێگە) بهێنینەوە، ئەوەش بەوەرگرتنی ئەو نمرەیەی، کەخوێندکاران بەدەسـتی دەهێنن دەخەملێندرێت، کاتێک وەڵامی بەشەکانی تاقیکارییەکە دەدەنەوە بۆ بابەتەکە کەئامادەکراوە.

**دووەم: چوارەچیوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**کورتەیەکی مێژوویی فێرکردنی ئاوێتە**

هەرچەندە یەکەمین دەرکەوتنی(فێرکردنی ئاوێتە) وەك چەمك دەگەڕێتەوە بۆ سـەرەتاکانی سـاڵی (٢٠٠٠)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا لە دەیەی یەکەمی (٢٠٠٠)کاندا، بە شـێوەیەکی بەرفراوان بەکارنەهێنرا. یەکەمجار (فێرکردنی ئاوێتە) لەساڵی (٢٠٠٨) لەتوێژینەوەکاندا دەرکەوت، بەو شێوازی خوێندنەش دەوترا ، کەپەیڕەوی لەهەردوو شێوازی فێرکردنی ناو پۆل(نەریتی)و فێرکردنی ئەلیکترۆنی دەکرد(Guzer and Caner، 2013، 2).

بەڵام دوای سـەرهەڵدانی ڤایرۆسـی کۆرۆنا (Covid-19) فێرکردنی ئاوێتە بایەخی زۆر گرنگتر و گەورەتری وەرگرت، چونکە ئەم ڤایرۆسە گەورەترین گۆڕانکاری لە مێژووی شێواز و سیستمی فێرکردنی نێو مرۆڤایەتیدا کرد، کە زیانی بە (١,٢) ملیار خوێندکار لە (١٩٦) وڵاتی کۆی کیشـوەرەکانی جیهان گەیاند، لە هەمان کاتدا بووە هۆی دابڕینی (٩٤%) کۆی خوێندکارانی جیهان لە ناوەندەکانی خوێندن (الأمم المتحدة، ٢٠٢٠، ٢).فێرکردنی ئاوێتە، یەکێکە لە

گرنگترین دەرهاویشتەکانی پەروەردەی هاوچەرخ، کەبەهۆی پیشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە دەرکەوتووە، کە فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەشێکی دانەبڕاوە لە خوێندنی ئاوێتەدا.

**باشییەکانی فێرکردنی ئاوێتە :** زۆرێک لە نووسینەکان باسیان لە سوودەکانی فێرکردنی ئاوێتە کردووە بەم شێوەیە:

1. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خوێندکاران و نێوان مامۆستاکان و خوێندکاران ونێوان خودی مامۆستایان بەهێزدەکات.
2. بەئاسانی ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی دەکرێت لەدەستەبەرکردنی هەموو پێداویستییە تاکەکەسییەکان و شێوازەکانی فێربوون بۆ خوێندکاران بەپێی کات و ئاست و تەمەنە جیاوازەکانیان .
3. دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانی خوێندکار و بەرزکردنەوەی کوالیتی پرۆسەی فێرکردن و لێهاتووییەکان دەستکەوتی خوێندنی خوێندکارا (الخزرجي و علي، ٢٠١٨، ٨).
4. ئاسانکاری پەیوەندیگرتن لەگەڵ خوێندکاراندا دابیندەکات، ژینگەیەکی فێرکاری کارلێکردووی بەردەوام دروستدەکات و بابەتە زانستییەکانی بە شێوازێکی ڕوون ڕێگەی بەرنامەی تایبەت بە بینین دەخاتە بەردەست بەبەکارهێنانی دەنگ وڕەنگ.
5. دەستەبەرکردنی مەشق و ڕاهێنان لە ژینگەی فێرکردندا، ئەم ستراتیجە مەشق و ڕاهێنان لەژینگەی خوێندندا دابیندەکات، مەشقی پراکتیکی و جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی لێهاتووییەکان دابین دەکات.
6. زۆربەی بابەتە زانستیەکان، فێرکردنیان بە شێوەی ئەلیکترۆنی قورسە، بەتایبەتی لێهاتووییە ئاست بەرزەکان، بەڵام فێرکردنی ئاوێتەلەتوانایدایە چارەسەرەی ئەم جۆرە کێشانە بکات.
7. لەفێرکردنی ئاوێتەدا ئازاد بە فێرخواز دەدرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەو سەرچاوە فێرکاریانەی، کە لەگەڵ پێداویستییە زانستیە جیاوازەکانیاندا گونجاوە.
8. بەگەڕخستنی بەرنامە ئەلکترۆنییەکان لە هەلۆیستە فێرکارییەکاندا، کات وماندووبوونی مامۆستا و فێرخواز کەمتردەکاتەوە بە بەراورد بە پەروەردەی نەریتی(السبیعي و القباطي،٢٠٢٠ ،٥٥٩).

**چەمکی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە:**

کاتێك دێینە سەر باسی تێگەشتنی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە دەردەکەوێت، کە تێگەشتنێکی کۆن و تازەی هەیە و ڕەگی کۆنی هەیە لە زۆریدا باسی لێکدانی ڕێگاکانی وانە وتنەوە وە ڕێگاکانی دەکات لەگەڵ هۆکارە جۆراوجۆرەکان و زۆر جۆر ناوی لێ دەنرێت(ابو الریش،٢٠١٣، ١٣) وەك :-

١- فێربوونی تێکەڵاو 2- فێربوونی ئاوێتە ٣- فێربوونی هایبرد ٤- فێربوونی یەکگرتوو ٥- فێربوونی دوانەیی

**تایبەتمەندیەکانی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە:**



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تێکەڵکردنی خوێندنی ڕاستەوخۆ (ڕووبەڕوو) و کارلێککردن لەگەڵ تەکنۆلۆجیا دەکرێت ببێتە هۆی فێربوونێکی باشتر و خێراتر، هەروەك چۆن یارمەتیمان دەدات بۆ زیاتر سەرنج خستنە سەر تاکەکان و کارلێکیان لەگەڵ تەکنۆلۆجیای فێرکردن و پەرەسەندنیان، ئەوەش بە بەکارهێنانی تۆڕی پەیوەندی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، هەندێك لە تایبەتمەندیەکانیش وەك ئەوانەی خوارەوە:-

1. ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە ئەنجامی باشتر بەدیدەهێنێت لە بواری ڕاهێناندا، ئامانجە فێرکارییەکان لە کەمترین کاتدا دهێنێتەدی بەبەراورد بە شێوازە ئاساییەکان لەڕووی کەمکردنەوەی تێچوو بۆ هاتووچۆ.
2. فەراهەمکردنی ژینگەیەکی چالاکی بەردەوام، چونکە پەیوەندی ڕووبەڕوو لەخۆ دەگرێت، ئەمەش کارلێکی نێوان مامۆستا و خوێندکار و خوێندکاران لە نێوان خۆیاندا زیاد دەکات،
3. نەهێشتنی کێشەکانی نێو هۆڵەکانی خوێندن وڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ مامۆستایان، تا پۆلەکانیان فراوانتر و باشتر بکەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێڵی ئینتەرنێتەوە.
4. هانی خوێندکاران دەدات، کە بە تەنها پشت بە ئامادە بوون لە پۆلدا نەبەستن، بەڵکو جیهانی فراوانی ئینتەرنێتیشی لەگەڵدا بەکاربێنن.
5. ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە دەبێتە هۆی دەرفەت ڕەخساندن بۆ تێپەڕاندنی سنورەکانی کات و شوێن لە پرۆسەی خوێندندا بەبەدەستهێنانی زانیاری لە ئینتەرنێتەوە.
6. ئاسانکاری فێرکاری گونجاو دەداتە خوێندکار بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پێداویستیە تاکییەکان، هەروەها بوونی شێوازی فێرکردنی گونجاو لەهەموو لایەنێك بەپێی ئاست و تەمەن و چەندەها پێوەری دیکە.
7. ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە دەبێتە هۆی زیادبوونی پابەندی بە ئامادەبوون لە پرۆسەی خوێندن و خوێندنگادا.
8. گۆڕان لە شێوازی وانە بێژی لە فێرکردن بۆ فێرکردنێك ،کە سەرنج بخاتە سەر خوێندکار.
9. هەلی زیاتر بۆ لێکنزیك بوونەوەی نێوان خوێندکاران و مامۆستاکانیان، و نێوان خوێندکارەکان خۆیان دەڕەخسێنێت.
10. پێکهاتەی تەواوکراو و کۆکردنەوەی کردارەکانی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران و مامۆستایان.
11. گەیشتن بە باشترین ئامانج لە ڕووی تێچووی پەرەپێدان و کاتی پێویست.
12. زیادکردنی تواناکان بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان(عوض واياد ، ٢٠١٢، ٤٠٤) ،(داود،٢٠١٣، ٣٢٦).

**دووەم : واتای چەمك**

چەمک لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بە «واتای مەبەستی شت» لێکدراوەتەوە، ووتراوە ئەمە واتای ئەوە ئەگەیەنێ بۆ نموونە کاتێ ئەوترێ ( ئازاد) واتا ئەوەی، کەکەسەکە تێبگەیشتو. کەواتە چەمک ئەوەیە، کە مرۆڤ لە وشە تێدەگات، بۆیە هەندێجار پێیدەوترێ تێگەیشتە یان تێگە. لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، چەمکەکان هەڵێنجراوی ئەندێشەوبیرۆکەکانن لە پرۆسەیەکی هزری و دەروونییدا بەکردەی پۆلێن کردن و هەڵهێنجان و بیرهاتنەوەدا تێدەپەڕن و مەبەست و واتای جیاوازو سەربەخۆ وەردەگرن( **وەسمان** ، ٢٠١٩: ٢٩٤١).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ناساندنی چەمك**

چەمکەکان سـەرجەم ئەو شـتانەن، کە لە ژینگەدا هەن و بەرجەسـتە دەکرێن، یان ئەو دیاردە کۆمەڵاییەتی و ئابووری و سیاسـیی و ڕۆشـنبیری و ئایینی وپەروەردەییانەن، کەڕەنگدانەوەی خەسـڵەتەکانی کۆمەڵگە و دیاردە و ژینگەی دەروروبەرن لەبەرئەوەی چەمکەکان؛ کەرەسـتەیەکی هێمایین بۆ گوزارشـتکردن لە واتاو و هزر و بیری جیاواز بە مەبەستی گەیاندنی بە کەسانی دیکە(بۆکانی، ٢٠٢٠ : ١٣٩).

چەمك بریتییە لە کۆمەڵە هێماو ئاماژەیەك، کە لەسـەر بنچینەی تایبەتمەندییە هاوبەشـەکان یەکدەگرن، دەکرێت لە سنوری یەکەیەکی داخراودا ئاوێتەی یەکتری ببن و پاشـان بە ناسـناوێك، یان ئاماژەیەك دەربڕدرێت(جابر، ٢٠١١، ٣٣٢). تە نانەت هێمایەکی گشـتگیرە بۆ ناو ودیاردەیەکی دیاریکراو، کەلەبنەڕەتدا وێناکردنێکی هزرییە، بۆکۆکردنەوەی سەرجەم ئەو خەسڵەتانەی، کە تاکەکانی پێکهێناوە لەوشەیەکدا وێناکردنە هزرییەکە دەبینرێت(الرکابلي، ٢٠١٥ : ٥).

دەتوانین پوختەی ئەوپێناسانەی بۆ چەمك خرانەڕوو لە دوو ڕەگەزی بنەڕەتیدا کۆبکەینەوە.

یەکەمیان: چەمك دەربڕینە بە وشەیەك ،یان بیرۆکەیەك، یان وێناکردنێکی هزری ڕووت، یان هەستپێکراو.

دووەمیان: بوونی تایبەتمەندی هاوبەش، یان زیاتر بۆ هەمان چەمك، کە دەتوانرێت بە ناوێك، یان هێمایەکی دیاریکراو ئاماژەی بۆبکرێت.

**- چەمکی مێژوویی**

چەمکی مێژوویی ئەو چەمکانەن کە لەکۆمەڵێك خەسـڵەت و تایبەتمەندیدا هاوبەشـن و بەڕوون ورەوانی خۆیان لەڕووداوە مێژووییەکاندا بەرجەسـتەدەکەن، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی چەمکە مێژووییەکان بریتییە لە هێماپێدان و گشتاندن و پەرەسەندن (**حسین، ٢٠٢٠ ، ١٤٥**).

چەمکە مێژووییەکان بابەتی مێژوویی گرنگ دادەنرێت بۆدەسـتنیشـانکردنی گرفتە مێژووییەکان، کە هەمیشـە مێژوونوسـان لەگەڵ کەرەسـتە مێژووییەکانی دیکەدا، کە لە بەردەسـتدان وەك ئامڕازی بیرکردنەوە ڕەخنەیی و شیکردنەوەو خوێندنەوەی وراڤەکردنی ڕووداوە مێژووییەکان پشتی پێدەبەستن( **مبدر، ٢٠٢٠، ٣٦٥**).

**جۆرەکانی چەمکەکان بۆ پێنج جۆر وەك (پێکهاتەی) مێژووی دابەشکراوە:-**

1. چەمکی کاتی دیاریکراو بۆ شـتێک، وەک ئەوەی پەیوەندی بەخاڵی دەسـتپێکەوە هەیە ، بۆ نمونە کاتژمێریەک /پاشـنیوەڕۆ/ ڕۆژی دوشـەممە/ ئەیلوولی ١٩٨٨. چەمکی کاتی دیارینەکراوی درێژمەودا،بۆ نمونە وەک: لەم دواییانەدا، مـاوەیەکی زۆر لەمەوبەر، چـاخی بەردین، سـەردەمی پێش ئیسـلام . ئەگەر ئەم چەمکـانە ڕوون نەکرێنەوە و لێکنەدرێنەوە، ئەوا ون و نادیار دەبن و بێبایەخ دەمێننەوە (صبري،١٩٩٣، ٨٦).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

2. چەمکی شــوێنی: چەمکە شــوێنیەکان ،خوێندکاران زۆر بەهێواشــی وەریدەگرن و فێری دەبن، لەبەرئەوەی شوێنەکان بۆخوێندکاران وەکو چەمکە ئەبستراکتەکانن و پێدەچێت زەحمەت و ئالۆزبێت،وەک چەمکێکی نەناسراوە لەلایان وەکو (دەوڵەت، ویلایەت، شارستانیەت ، موتەسەریفیەت...) (سعادة ، ١٩٨٤، ٣٢٤).
3. چەمکە بەرجەستەکراوە هەستپێکراوەکان ،لە نێو ئەم چەمکانەدا بریتین لە (، هۆز، شیعە ، سوونە، نەتەوە).
4. چەمکی واتایی (ئەبستراکت): نموونەی ئەم چەمکانە بریتین لە چەمکی (ئازاد، دیموکراسی)
5. چەمکی نوێ: ئەمانە ئەو چەمکانە دەگرێتەوە، کە لەم دواییانەدا دەرکەوتوون، وەک (عەلمانییەت، خودمختاری و فیدراڵیزم) (السکران، ٢٠٠٠، ٤٦).

**٢-٢ :توێژینەوەکانی پێشوو**

**خشتەی (١) توێژینەوەی یەکەم**

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | کاریگەری ستراتیژی فێربوونی تێکەڵاو لەسەر دەستکەوت و بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان لە لای خوێندکارانی بەشی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی موسنا |
| ناوی توێژەر وســاڵ وشــوێن توێژینەوە | پ.ی.ابتسامة علوان شفیق ، ٢٠١٤-٢٠١٥ ، زانکۆی موسنا |
| ئامانجی توێژینەوە | دەستنیشانکردنی کاریگەری ستراتیژی خوێندنی ئاوێتە لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆییەکان و پەرەپێدانی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان. |
| کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوە | خوێندکارانی قۆناغی سـێیەمی بەشـی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی زانسـتە مرۆییەکان لە عێراق بۆ سـاڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥ ) ، کە ژمارەیان (٧٠ )خوێندکاری نێر و مێ بوو ، کە (٣٥) خوێندکاری نێر و مێ لە کۆمەڵی (أ) و (٣٥) خوێندکاری نێر و مێ لە کۆمەڵی (ب) |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوە | ئەزموونی تاقیکاری<br>تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| هاوکێشەی ئاماریی توێژینەوە | تیتێست دوو نموونەی و<br>هاوکێشەی ریچاردسۆن |
| دەرنجامی توێژینەوە | لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان تێکرای دەسـتکەوتی خوێندکاران لە کۆمەڵی تاقیکاریدا نەبوو، کە بەپێی سـتراتیژی فێربوونی تێکەڵاو دەوترێتەوە لەگەڵ کۆمەڵی کۆنترۆڵ ،کە بەپێی شـێوازی ئاسایی وانە دەوترێتەوە |

شفیق،ابتسامة علوان ،٢٠١٩)

**خشتەی (٢) توێژینەوەی دووەم**

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | کاریگەری بەکارهێنانی سـتراتیژی فێربوونی ئاوێتە لەسـەر دەسـتکەوتی خوێندکارانی زانکۆی ئوردن لە بابەتی جوگرافیایی ئوردن. |
| نـاوی توێژەر وســاڵ وشــوێن توێژینەوە | عبیر محمد اسماعیل انصیو<br>٢٠١٧ الاردن |

| | |
|---|---|
| ئامانجی توێژینەوە | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی فێربوونی ئاوێتە لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی زانکۆی ئوردون لە بابەتی جوگرافیای ئوردوندا . |
| کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوە | خوێندکارانی بەشی جوگرافیای ئوردون لە زانکۆی ئوردون بۆ ساڵی ٢٠١٦-٢٠١٧ ،کە ژمارەیان (٥٦) خوێندکار بوو . (27) خوێندکار بۆ کۆمەڵی ئەزمونی (٢٩) خوێندکار بۆ کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو. |
| ڕێباز و ئامرازی توێژینەوە | نیمچە ئەزموونی تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| هاوکێشەی ئاماریی توێژینەوە | دووجای سکوێر و ئەنۆڤا |
| دەرنجامی توێژینەوە | شێوازی فێربوون لە ڕێگەی ستراتیژی فێرکردنی ئاوێتەوە شێوازێکی نوێیە بۆ خوێندکاران، کەسەرنجی دەوروژاند وپاڵنەری فێربوونیان زیادکردووە و بەو پێیەی خوێندکارەکان لە کاتی بەکارهێنانی ستراتیژەکەدا جۆش وخرۆش هەبوو ،چێژێکی زۆریان نیشاندا بۆ فێربوون بە ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە. |

(انصیو ،عبیر محمد اسماعیل 2018)

**بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو بەتوێژینەوەی بەردەست:**

لەڕووی ڕێبازەوە توێژینەوەکەی (انصیو ،٢٠١٧ ) ڕێبازی نیمچە ئەزموونی بەکارهێناوە و توێژینەوەی (ابتسامة ،٢٠١٥). ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە،لەکاتێکدا توێژینەوەی بەردەست ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە.لەڕووی ئامانجی توێژینەوەوە ئامانجیان جیاوازە بەپێی سروشتی توێژینەوەکە،توێژینەوەی (انصیو ،٢٠١٧). زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی فێربوونی ئاوێتە لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی زانکۆی ئوردون لە بابەتی جوگرافیای ئوردون. توێژینەوەی (ابتسامة ،٢٠١٥). دەستنیشانکردنی کاریگەری ستراتیژی خوێندنی ئاوێتە لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆییەکان و پەرەپێدانی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان.بەڵام توێژینەوەی بەردەست ئامانجی زانینی گاریگەری ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتەیە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان لەلای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەڕووی قەبارەی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکان جیاوازن بەپێی ئامانج وسروشتی توێژینەوەکان،هەرچی توێژینەوەی (انصیو ،٢٠١٧ ) کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکدێت لەخوێندکارانی بەشی جوگرافیا لە زانکۆی ئوردون بۆ ساڵی ٢٠١٦-٢٠١٧ کە ژمارەیان (٥٦) خوێندکار بوو . (٢٧) خوێندکار بۆ کۆمەڵی ئەزمونی (٢٩) خوێندکار بۆ کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو. هەرچی (ابتسامة ،٢٠١٥) پێکهاتووە لەخوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆییەکان لە عێراق بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥ ) ، کە ژمارەیان (٧٠ )خوێندکاری نێر و مێ بوو ، کە (٣٥) خوێندکاری نێر و مێ لە کۆمەڵی (أ) و (٣٥) خوێندکاری نێر و مێ لە کۆمەڵی (ب)، بەڵام توێژینەوەی بەردەست کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەخوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستەکۆمەڵایەییەکان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣) پێکهاتووە، کە ژمارەیان بریتییە لە ( ٧٩) خوێندکار، (٦٠) خوێندکاریان بەسەر دووکۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا دابەشکراوەلەڕووی بەکارهێنانی ئامرازی توێژینەوە، کەهەریەک لەدوو توێژینەوەکەی پێشوو ئامرازی

پێوانەکردنیان تاقیکردنەوەی دەستکەوت بووە، هەرچی توێژینەوەی بەردەستە ئامرازی تاقیکردنەوەکەی برییتەیە لە تاقیکاریەك بۆ پێوانەکردنی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان، کە هەڵهێنجراوی ناوەڕۆکی بابەتەکەبووە.

لەکۆتاییدابەراوردکارییەکە ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکات، کە هەرتاکێک بەپێی سروشت و بارودخ و گونجاوی ژینگەکەی توانای وەرگرتنی هەیە بۆ هەر بابەتێك بەپێی ئاست و قۆناغەکانی بۆ بەدەستهێنان و وەرگرتنی چەمکە جیاوازەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیجیە جیاوازەکانی فێرکردنەوە. سەرەڕای ئەوانەش توانراوە سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو بۆ ئەم توێژینەوەیە وەربگیرێت، هەروەکو لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

- سوود بینین بەمەبەستی دروستکردنی پێوەریی وەرگرتنی چەمکەکانی بابەتی مێژوو بۆ سێ تایبەتمەندیی جیاواز وەك (پێناسەی چەمك، جیاکاریی،جێبەجێکردن)بۆ هەر چەمکێك.
- سوودبینین لە ڕووی داڕشتنی کێشەکە بە شێوەیەکی زانستی.
- سوود وەرگرتن بە مەبەستی بەراوردکاری لەڕووی زانستییەوە.

**سێیەم : ڕێکارییەکانی توێژینەوە**

ئەم بەشە سەرجەم ڕێوشوێن وڕێککارییەکانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**٣-١:ڕێبازی توێژینەوەکە:**

بەو پێیەی ئا مانج لەم توێژینەوەیە(زانینی کاریگەری ستراتیجیی فێرکردنی ئاوێتە لەبەدەستهێانی چەمکە مێژووییەکان)ە، هەر بۆیە ڕێبازی (ئەزموونی) بەگونجاو زانرا، لەبەرئەوەی لەم ڕێبازەدا تاقیکردنەوەی گریمانەیی و ئەزموونی بەکاردەهێنرێت و دەتوانرێت بڕیار لەسەر پەیوەندی نێوان دوو هۆکار ،یان دوو گۆڕاو بدرێت (بۆکانی، ٢٠١٦: ١١٣). چونکە ڕێبازی ئەزموونی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ دەردەخات بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکەی سەرەتایی و تاقیکردنەوەکەی کۆتایی.

**٣-٢: دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە :**

پێکدێت لەڕەنگرێژی ونەخشەسازی توێژینەوەکە بەمەبەستی جێبەجێکردن و بەئاکام گەیاندنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی ئەزموونی( بۆکانی ، ٢٠٢٠: ١١٦)،توێژینەوەکە پێویستی بە هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونییە ، کە پێویستە تاقیکردنەوەی سەرەتایی(پێشینە)و تاقیکردنەوەی کۆتایی(پاشینە) ئەنجامبدرێت، ئەو دیزاینەش شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە بەپێی ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو،کە یەکێکە لە دیزاینی ئەزموونییە بەهێزەکان، وەك لە خشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێت .

**خشتەی (٣) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵی | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی شوێنکەوتە | تاقیکردنەوەی سەرەتایی | تاقیکردنەوەی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە | بەدەستهێنانی چەمکی مێژوویی | بەدەستهێنانی چەمکی مێژووییەکان | بەدەستهێنانی چەمکی مێژووییەکان |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگای وانەوتنەوە ئاسایی | | | |

**٣-٣ :کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە بە یەکێك لە کارەگرنگەکانی توێژینەوە دادەنرێت،کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەخوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستەکۆمەڵایەییەکان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣) پێکهاتووە ، کە ژمارەیان بریتییە لە ( ٧٩) خوێندکار.

**٤-٣ :نموونەی توێژینەوەکە:**

نموونە توێژینەوەکە بەپێی دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەبەستدار نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە، کە لە هەر چوار قۆناغەکەی خوێندن بۆساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣ ) لە بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان خوێندکارانی (قۆناغی سێیەم) هەڵبژێردرا لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا خوێندکاران تاڕادەیەکی باش ئاشنای خوێندنی زانکۆیی بوون و بابەتەکانیشیان زیاتر تیۆرییە لە چاو قۆناغەکانی دیکەدا. بە شێوەیەکی ورد داتا و زانیارییەکانی دەربارەی خوێندکاران کۆکرایەوە ، دواتر ڕێکخستن و جیاکردنەوەی زانیارییەکان ئەنجامدرا و بەیەکسانی لەڕووی ژمارەوە بۆ دوو کۆمەڵ(ئەزموونی ، کۆنترۆڵکراو)دابەشکراون، بە شێوەیەکی مەبەستدار ، بۆ ئەوەی ئەنجامێکی بابەتی بۆ توێژینەوەکەی بەدەست بهێنێت وەك لە خشتەی ژمارە (٤) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٤) نموونەی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی خوێندکار بەشداربوو | ژمارەی خوێندکار دوورخراوە |
|---|---|---|---|
| **ئەزموونی** | **ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە** | **٣٠** | **١١** |
| **کۆنترۆڵکراو** | **ڕێگای ئاسایی** | **٣٠** | **٨** |
| **ژمارەی کۆتایی نموونەی توێژینەوەکە** | | **٦٠** | **١٩** |

**٥-٣: هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی بەدەستهێنانی هاوسەنگی لەنێوان خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)دا، بەپێی ئەو گۆڕاوانەی، کە ڕەنگە کاریگەریەکانیان بە شێوەی ئەرێنی، یان نەرێنی لە سەر ئەنجامی توێژینەوەکە هەبێت ، دەستکرا بە هاوسەنگکردنیان بەم شێوەیەی خوارەوە : -

**٣-٥-١: گۆڕاوی تەمەن :**

گۆڕاوی تەمەن، پەیوەندی بە گەشەکردنی توانستە عەقڵی ومەعریفی و زانستی وکۆمەڵایەتی وجەستەیی وهەستی وبیرکردنەوەی خوێندکارانەوە هەیە، لەبەر هەبوونی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوی تەمەن و توانا عەقڵی وپەیبردنەکانی خوێندکاران، لەبەرچاونەگرتنی جیاوازی تەمەنی خوێندکاران، دەکرێت کاریگەری لە سەر ئەنجامی توێژینەوەکە هەبێت بۆ ئەو مەبەستە زانیارییە پێویستەکان لە سەر تەمەنی خوێندکارانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

بەپێی (ڕۆژ و مانگ و ساڵ) وەك چۆن لە ڕەگەزنامەی باری شارستانیەکانیانەوە ، دواتر بەهای ناوەندە ژمێرەییی و جیا کاری وبە های(ت) ژمێراو بۆ تێکڕای تەمە کانیان لە ڕێگەی بە کارهێنانی تاقیکردنەوەی(t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ دەرکرا، وەك ئەوەی لە خشتەی ژمارە ( ٥) دا خراوەتەڕوو .

**خشتەی (٥)**

ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی تەمەن لە نێوان هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | جیاکاری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماریی لەئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمێراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٢٩٣ | ٨٦٨،٤ | ٠،٣٣ | ٢،٠٤٨ | ٢٨ | نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٢٩٤ | ٨٨٦،٤ | | | | |

وەك لە خشتەی ژمارە ( ٥)دا دەردەکەوێت، بە های(ت) ژمێراو، یەکسانە بە(٠،٣٣ )، ئەمەش کەمترە لەبە های خشتەیی، کە یەکسانە بە(٢،٠٤٨ )،بەپێی نمرەی ئازاد(٢٨)، لەئاستی بەڵگەداری ئاماریی(٠،٠٥)، واتا هیچ جیاوازییەك لەنێوان تەمەنی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی (ئەزموونی ، کۆنترۆڵکراو ) دا نییە، کەواتە هاوسەنگن لەڕووی گۆڕاوەی تەمەنەوە .

**٣-٥- ٣ ئاستی زیرەکی :**

بۆ زیاتر دڵنیابوون لە دیزاینی توێژینەوەکە ، هەوڵدرا بۆ کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی زیرەکی لە نێوان خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو ئەوەش بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(IQ -Test)، کە جۆرێکە لە تاقیکردنەوەی وێنەی جۆراوجۆر و لە( ٣٩ ) برگە پێکهاتووە. پێویستە لە ماوەی (٣٩) خولەکدا دا وەڵامبدرێتەوە و ئەم تاقیکردنەوەیە لە لایەن( د. جنسن ئەندرسیۆن ) لە شاری (منسا) لە وڵاتی دانیمارك داهێنراوە، شێوازی پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە ، گرنگی بە دیاریکردنی ئاستی زمانەوانی و وشەسازی نادات، بەڵکو بەش و برگەکانی لە سەر بنەمای بیرکردنەوەیە، ئەمەش بەبا شترین تاقیکاری زانرا بەوپێیەی یەکێك لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە چەمکە مێژووییەکانە. ئەم جۆرە پێوەرە دەوەستێتە سەر ڕادەی خێرایی لەدۆزینەوەی پەیوەندی وێنەکان و ناسینەوەیانە وچارەسەرەکردن بەتوانایی عەقڵی داڕێژراوە بەمەستی پێوانەکردن و دیاریکردنی ئاستی زیرەکی مرۆڤ خەسڵەتێکی دیکەی ئەم تاقیکردنەوەیە ئەوەیە بەئاسانی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە ئەنجامەکە دێتەدەست هەربۆیە بەسەر خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی (ئەزموونی، کۆنترۆڵکراو ) دا جێبەجێکرا ، پاشان نمرەپێدانی ئاماری بۆ داتاکان کرا، ناوەندە ژمێرەیی و جیاکاری نوبەهای(ت) ژمێراو،لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ داتاکان هەر دوو نموونەکە بدۆزرێتەوە ، وەك لە خشتەی (٦) دا خراوەتەڕوو .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**خشتەی ( ٦ )**

**ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی زیرەکی لە نێوان هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا**

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | جیاکاری | بەهای (ت) ژمێراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماریی لەئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٣٠ | ٣٦،٥٥ | ٨،٥١ | ٠،٩٣٦ | ٢،٠٤٨ | ٢٨ | نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٣٨،٩١ | ٨،٢٢ | | | | |

وەك لە خشتەی (٦) دا دەردەکەوێت، بەهای(ت ) ژمێراو، یەکسانە بە(**٠،٩٣٦**)، ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی، کە یەکسانە بە (٢،٠٤٨) ، بەپێی نمرەی ئازاد ( ٢٨) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠،٠٥)،کەواتە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئاستی زیرەکی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی (ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو)دا نییە، واتە هاوسەنگن لەگۆڕاوی زیرەکییدا .

**٣-٥- ٤ :کۆنترۆڵکردنی کاریگەری تاقیکردنەوەی سەرەتایی**

بەمەبەستی زانینی ئاستی ( زانیاری و شارەزایی) خوێندکاران کۆمەڵی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ) پێش جێبەجێکردنی وانەکە بەرێگای ستراتیجیەتی ئاوێتە بۆ( بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان ) ، توێژەر گریمانەیەکی لەبەرچاوگرت، بەوەی، کەهیچ جیاوازییەکی ئاماریی لە نێوان نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو )دا نییە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( ٠،٠٥)، بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی تاقیکردنەوەی سەرەتاییەکان.

**٣-٥- ٥** کۆنترۆڵکردنی کاریگەری تاقیکردنەوەی سەرەتایی (بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان)

بۆ زانینی ئاستی کاریگەری زانیارییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، دەربارەی بابەتی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان ، پێش دەستپێکردن بەجێبەجێکردن و ئەزموونکردنی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەیەکی زانیاری جێبەجێکرا بەسەر خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، پاشان بەهای ناوەندە ژمێرەیی جیاکاری بەهای(ت) ژمێراوله رێگەی بەکارهێنانی ( t-test) ئەنجام بۆ نمرکانیان دۆزراونەتەوە ، وەك لە خشتەی ژمارە (٧) دا ڕونکراونەتەوە .

**خشتەی (٧)**

ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی ئا ستی زانیاری پێشووتر دەربارەی بابەتی بەدە ستهێنانی چەمکە مێژووییەکان لە نێوان خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | جیاکاری | بەهای (ت) ژمێراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماریی لەئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٣٠ | ١١،٠٦ | ٩،٦٦ | ٠،٨١ | ٢،٠٤٨ | ٢٨ | نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ١٢ | ١٥،٦٦ | | | | |

وەك لە خشتەی (٧) دا دەردەکەوێت ، بەهای (ت ) ژمێراو یەکسانە بە (٠،٨١ ) ، ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی ، کە یەکسانە بە (٢،٠٤٨ )، بە پێی نمرەی ئازاد ( ٢٨ ) و لە ئاستی بەڵگەداری(٠،٠٥)،کەواتە هیچ جیاوازییەکی ئاماری



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەنێوان ئاستی زانیاری خوێندکارانی هەردووکۆمەڵی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) دا نییە، بەو پێیە دەتوانین بڵێین هەر دوو کۆمەڵەکە هاوسەنگن لە رووی ئەم گۆڕاوە .

**٣-٥- ٧ : شارەزاییەکانی پێشوو بەرامبەر بە بابەتی مێژوو**

بەمەبەستی زانینی ئاستی زانیاری پێشووتری خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەرامبەر بەبابەتی مێژوو و بۆ دڵنیابوون لەو گریمانەیەی، کەلە ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکراوە کە بریتیبوو لە :

هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەکانی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو )لەسەر پێوەری شارەزاییەکانی پێشوو بەرامبەر بابەتی (مێژوو) نییە.

بۆ سەلماندنی ڕاستی گریمانەکە ، نمرەی دەستکەوتی بابەتی مێژووی هاوچەرخی ئێران وتورکیا کرایە پێوەر، کە لە لیژنەی تاقیکردنەوەی بەشی زانستەکۆمەڵایەتیەکان وەرگیرا ،پاشان ناوەندە ژمێرەیی، بەهای جیاکاری، بەهای (ت) ژمێراو دا داتای کۆمەڵی ( ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ) نیشاندراون، پاشان لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-Test ) ئەنجامی بۆ هەر دوو نموونەی سەربەخۆ کە دۆزیەوە ، وەك ئەوەی لە خشتەی ژمارە ( ٨)دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ( ٨ )**

ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی شارەزایی پێشووی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵ بەرامبەر بە بابەتی مێژوو

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | جیاکاری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماریی لەئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمێراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٧٤ | ٣١،٠٦ | ٠،١٥ | ٢،٠٤٨ | ٢٨ | نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٧٣ | ٥٣،٣٣ | | | | |

وەك لە خشتەی (٨ )دا دەردەکەوێت، بەهای (ت ) ژمێراو یەکسانە بە (٠،١٥ )ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی ، کە یەکسانە بە (٢،٠٤٨) ، بە پێی نمرەی ئازاد (٢٨) لە ئاستی بەڵگەداری ( ٠،٠٥ ) ، کەواتە هیچ جیاوازییەك لە نێوان زانیارییەکانی پێشوو بەرامبەر مێژوو لە نێوان خوێندکارانی هەر دوو کۆمەڵی (ئەزموونی ، کۆنترۆڵکراو ) دا نییە ، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە هەردوو کۆمەڵەکە هاوتان لە هەموو ئەو گۆڕاوانەی کە دیاریکراون.

**نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتی مێژوودا**

توێژەر نمرەی کۆتایی ساڵی پێشووی ٢٠٢٠-٢٠٢١ بابەتی **مێژوو** لە تۆماری کۆلێجەکە وەرگرت ، پاشان بە مەبەستی زانینی جیاوازی واتاداری ئاماریی لە نێوان هەردوو کۆمەڵی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراودا، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە جیاوازی واتاداری ئاماریی نییە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t.test) پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو کۆمەڵ و بەهای(تی) ئەژمارکراو بریتی بوو (**٠،٩٤٣**)کەمترە لە بەهای خشتەیی ( **٢،٠٢١**) لە ئاستی بەڵگەداری (**٠،٠٥**) و نمرەی ئازاد (٤٢) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر دوو کۆمەڵ هاوتان. بڕوانە خشتەی ژمارە (٩)

**خشتەی ژمارە (٩)**



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (تی) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری لەنمری بابەتی مێژوو ساڵی پێشوو**

| کۆمەڵەی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٧٣،٥٥ | ١٤،٨٣ | ٠،٩٤٣ | ٢،٠٢١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٦٩،٦٨ | ١٢،٢٠ | | | |

**٣ - ٦ پاراستنی سەلامەتی ناوەکی و دەرەکی دیزاینی توێژینەوەکە :**

بۆ گەیشــتن بە ئاســتێکی باڵا لە کۆنترۆڵکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە ، هەوڵدراوە کاریگەری کۆمەڵێك گۆڕاو و فاکتەری پەیوەندیدار کۆمەڵەکانی تایبەت بە تاقیکاری توێژینەوەکە پەکبخرێت ، یان کەمیبکرتەوە ، کە کاریگەریی ئەوتۆیان دەبێت لە ســەر ئەنجامی توێژینەوەکە ، بۆ ئەو مەبەســتە وله پێناوی بەدیهێنانی پاراســتنی ســەلامەتی ناوەرۆك و دەرەکی ئەزموونی توێژینەوەکە ئەنجامدرا.

**ماوەی ئەزمووی توێژینەوەکە**

ماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونکردنەکە بۆ خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی(ئەزموونی ، کۆنترۆڵکراو ) بریتیبوو لە سیانزە هەفتە، هەفتەی یەکەمی تەرخانکرا بۆ پێدانی ڕێنمایی تاقیکردنەوەی سەرەتایی بۆ هەردووکۆمەڵ تایبەت بە بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان ، پاشان وانەکان بەپێی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە بۆ کۆمەڵی ئەزموونی وەك پلانی داڕێژرابوو. هەروەها ڕێگای ئاســایی (نەریتی)بۆ کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو وترانەوە و بۆ هەر وانەیەك (دوو کاتژمێر)لە هەفتەیەکدا تەرخانکرابوو بۆهەرکۆمەڵێك، ئەوەش بەڕەچاوکردنی ئەو کاتەی،کەبۆ خوێندکارانی قۆناغی سێهەم لەبەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان لەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لەزانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ ) دیاریکراوە، سەرەتای وانەوتنەوەکە لە کۆرسی دووەمی خوێندن لە ڕێکەوتی (٥ /٢ / ٢٠٢٣) دەستپێکرد، پاشان کۆتایی پرۆسەی ئەزموونکردنی توێژینەوەکە لە ڕێکەوتی (٥/٨ / ٢٠٢٣) دا بوو، وەك لە خشتەی ( ١٠) دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١٠ )

کات و ڕێکەوتی دەســتپێکردن و کۆتایی هێنانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لەخوێندن بە ســتراتیجەتی خوێندنی ئاوێتە.

| کۆمەڵەی | کاتی دیاریکراو بۆ هەر وانەیەك | ڕێکەوتی دەســتپێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە | ڕێکەوتی کۆتایی هێنانی ئەزموونی توێژینەوەکە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | دوو کاتژمێر | (٥ / ٢ / ٢٠٢٣ ) | (٨/ ٥ / ٢٠٢٣) |
| کۆنترۆڵکراو | | | |

**٣ - ٦ - ١ : پاراستنی سەلامەتی ناوەرۆك (Internal validity):**

لە بەرئەوەی دروستی ناوەرۆکی توێژینەوەکە،بەندە بە ئاستی کۆنترۆڵکردن وئەو هۆکارانەی کەدێنە نێو پرۆسەی ئەزموونکردنی توێژینەوەکەوە ، بۆ ئەومەبەستە چەند رێکارییەك پێرەوکرا ، گرنگترینیان ئەم لایەنانەی خوارەوە بووە:-

**ا- ئەو بارودۆخانەی لەکاتی پرۆسەی ئەزموونکردنی توێژینەوەکە ڕوودەدەن**

هەندێکجار ڕووداوێکی ناو پرۆسەکە ، یان لە دەرەوەی پرۆسەکە دەبێتە هۆی گۆڕینی گۆڕاوی پاشکۆی توێژینەوەکە، بۆ ئەومەبەستە هەوڵدرا بەدرێژایی کاتی ئەزموونکردنی توێژینەوەکە، هەمان بارودۆخ بۆ خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دەستەبەر بکرێت(ابو حويج، ٢٠٠٢، ١٢٢). جێگەی ئاماژەیە هیچ روداوێکی نەخوازراو ولەناکاو ڕووینەدا، کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر ئەزموونکردنی توێژینەوەکەوە هەبێت

**ب- ئەو پرۆسانەی پەیوەندیان بە گەشەوە هەیە**

لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئەزموونی توێژینەوەی زانستە مرۆڤاییتیەکاندا، چەندین گۆڕانکاری ڕوودەدات، بە تایبەتی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیی بە گەشەکردنی لایەنی بایەلۆژی و دەروونی خوێندکارانەوە هەیە (**داوود** ، ٢٠١١ ، ١٢١ )

بۆ ئەوەی ئەو جۆرە گۆڕانکاریانە کاریگەرییان لە سەر ئاستی وەڵامدانەوەی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو )نەبێت. توێژەر هەستا بە ڕێکخستنی تەمەنی خوێندکاران لە ڕێگەی ناسنامەی باری شارستانیەتەوە، دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و دانانیان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە هەردوو کۆمەڵەکەدا وەك لە پاشکۆی ژمارە (١) و (٢ )دەردەکەوێت. جگە لە جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکەبە سەرخوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە لە هەمان ماوەدا. هەروەها لە کاتی پرۆسەی ئەزموونکردنی توێژینەوەکە، هەوڵدرا ڕێز لە ڕاو بۆچوون و توانای سەرجەم خوێندکارەکان بگیرێت بەبێ جیاوازی مامەڵە لە گەڵیاندا بەپێی ئاستەکانیان بکات لە چوارچێوەی ژینگەیەکی فێرکاری ئارام و شیاودا ، بەم جۆرەش دەتوانین بڵێین کاریگەری ئەم گۆڕاوە، تا ڕادەیەکی باش کۆنترۆڵکرا.

**پ- رێکارییەکان و تاقیکردنەوەی سەرەتایی**

لە بەرئەوەی یەکەمین تاقیکردنەوەی خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە، دەبێتە دەستپێکی پرۆسەی ئەزمونکردنەکە،خۆی لە تاقیکردنەوەی سەرەتایی بۆگۆڕاوی پاشکۆ( بەدەستهێنانی چەمکەمێژووییەکان )دا دەبینێتەوە، ئەگەری هەیە کاریگەریی لە سەر تاقیکردنەوەکانی ئایندە وئەنجامی نمرەکانی خوێندکاران هەبێت. بۆ نموونە ئەگەر تاقیکردنەوەکان دووبارەبکرێنەوە، ڕەنگە خوێندکاران وەڵامەکانیان بگۆڕن، یان زانیاری زیاترسەبارەت بەپرسیارەکان کۆبکەنەوە، کە دەبنە هۆی کاریگەری لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکە .( **المشهداني** ، ٢٠١٩، ٧٩)

بەپێویست زانرا لە پرۆسەی تاقیکاری توێژینەوەکەدا چارەی پێشهاتەکان بکرێت، کە ڕەنگە لەکاتی پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوە سەرەتاییەکەدا ڕووبدات، پاشان دەستبکرێت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە لە کاتی دیاریکراو بۆ هەردوو کۆمەڵی (ئەزموونی، کۆنترۆڵکراو)، ئەمە جگە لە جێبەجێکردنی ڕێکارییەکانی ئەزموونی توێژینەوەکە بە

شـێوازێکی زانسـتی و بابەتی بەپێی تایبەتمەندییەکانی گۆڕاوی سـەربەخۆی ئەزموونی توێژینەوەکە.و بەم جۆرەش هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم گۆڕاوە درا.

**٣-٧-١-٤ ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە Test Validity**

ڕاسـتگۆیی یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شـێوازی هەڵسـەنگاندنی باشـە، مەبەسـت لە ڕاسـتگۆیی ئەو شێوازەیە، کە بەکاری دەهێنرێت تاکو بتوانێت ئەو پێوانەکارەی کە بۆ پێوانەکردنی دانراوە زانستی بێت (**عبدالرؤوف و المصري،٢٠١٧ ، ٦٨**) بۆیە توێژەر هەوڵیدا دوو جۆر ڕاستگۆیی پێوانەکارەکە پشتڕاست بکاتەوە، ئەوانیش ڕاستگۆیی ڕواڵەت و ڕاستگۆیی ناوەڕۆکە.

**٣-٧-١-٤-١ ڕاستگۆیی ڕواڵەت Face Validity**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆی تاقیکردنەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزای بواری مێژوو و ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن و دەروونی بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونیان لە سـەر بڕگەکانی تاقیکردنەوەکەو ئاسـتی گونجاوی بڕگەکان، و سـەرجەم بڕگەکان ڕێژەی ڕازیبوونی(%٨٧ ) زیاتری بەدەسـتهێنا، کە ژمارەیان ( ٦٠) بڕگەی پرسـیار بوو ، بەپشـت بەسـتن بە هاوکێشـەی ( جی کوپەر - J.cooper) بەم شێوەیە ڕاستگۆیی ڕواڵەت دەرهێنرا.

**٣-٧-١-٦-٤ جێگیری تاقیکردنەوەکە Test Reliability :**

توێژەر تاقیکردنەوەی لە سـەر (٢٠ ) خوێندکار لە خوێندکارانی زانسـتەکۆمەڵایەتییە کان لەزانکۆی هەڵەبجە ئەنجامدا لە ڕۆژی دووشـەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٤)و پشـت بەسـتراو بە شـێوازی (تاقیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە)وە جیاوازی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەمدا ماوەی نزیکەی (دووهەفتە) بوو، ئەوەش بەکاتێکی گونجاو دادەنرێت بەپێی ئەدەبیاتی پێوانە و هەڵسـەنگاندن (الخیاط،٢٠١٠ ، ١٢٤) بە هەژمارکردنی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسـۆن (**Coefficient pearson correlation**) لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم ودووەم بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی جێگیری تاقیکردنەوە بە بەهای (٠،٨٨)(**الیاسـري، ٢٠١٠، ٧٣**) ئاماژە بەوە دەکات، کەهەر تاقیکردنەوەیەك جێگیریەکەی لە نێوان (٠،٧٠ – ٠،٩٠) بێت بە تاقیکردنەوەیەکی باش دادەنرێت.

**ئامرازە ئامارییەکان Statistical Treatment**

-تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست (**Independent Sample T-Test**)

$$T.test=\frac{X_1+X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2}+\frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2}*\left(\frac{1}{n_1}+\frac{1}{n_2}\right)}}$$

٢-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسـۆن بۆئەژمارکردنی جێگیری بەڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن و ڕاسـتی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات.

$$r=\frac{\sum XY-\frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\sum_X 2-\frac{(\sum X)^2}{n}\right]*\left[\sum_Y 2-\frac{(\sum Y)^2}{n}\right]}}$$



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣- هاوکێشەی کۆپەر ( **J. Cooper**)

بۆ ئەژمارکردنی ڕێژەی ڕێککەوتنی نێوان شارەزایان و پسپۆڕان بۆ ئاماژەدان بە ڕەوایی بڕگەکان تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەرەکانی ئاڕاستە.

**بەشی چوارەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردە**

گریمانی یەکەم: هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی(٠،٠٥) لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ جیاوازییەکانی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆمەڵی کۆنترۆڵکراودا نییە بۆ کاریگەری و وەرگرتنی وانە بەستراتیجیەتی خوێندنی ئاوێتە بۆ بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانییە، توێژەر ناوەندە ژمێرەیی ولادانی پیوەری بۆ بەراورد کردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ چەمکی مێژوویی خوێندکاران هەردوو کۆمەڵی توێژینەوە دەرهێنا بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی دوونمونەیی (T.test) بۆ هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەڕێگەی بەرنامەی ئاماری (spss) لەئەنجامدا دەرکەوت نرخی (T) ئەژمارکراو، کە(٤،٠٨٠) نمرە بوو گەورەتر بوو لەنرخی خشتەیی، کە(١،٩٦)، بەنمرەی ئازاد(٥٨)، لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) بڕوانە خشتەی (١١)

**خشتەی (١١)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (تی) پاشەکی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری لەنمرەی بەدەست هاتووی چەمکی مێژوویی لەنێوان کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| کۆمەڵ | نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پیوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٣٠ | ٦١،٣٠٠٠ | ١٠،٠٠٣٩٦ | ٥٨ | ٤،٠٨٠ | ١،٩٦ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٥٢،٠٦٦٧ | ٧،٣٨٠٩٣ | | | | |

ئاماژەکردن بەخشتەی ژمارە(١١)دا دەردەکەوێت، کە بەهای (ت) ئەژمارکراو یەکسانە بە(٤،٠٨٠) بەهای خشتەیی یەکسانە بە(١،٩٦) نمرەی ئازاد بریتییەلە (٥٨) لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٥٠)دایە.لەبەر ئەوەی، کەبەهای (ت) ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، بۆیە ئاماژەیە بەوەی، کە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی دا،بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی، لەئاستی وەرگرتنی چەمکی مێژوویی لە بەرژەوەندی کۆمەڵی خوێندکارانی ئەزموونییە، کە بەشێوەیی ستراتیجی خوێندنی ئاوێتە خوێندوویانە. واتە ڕەتکردنەوەی گریمانەی

یەکەم، کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نییە لەنێوان هەردوو نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشـــەکی هەردوو کۆمەڵەکە قبوڵکردنی گریمانەی جێگیرەوە،واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو نمرەکانی تاقیکردنەوەکاندا.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لەدەرئەنجامی بەکارهێنانی ستراتیجی خوێندنی ئاوێتە تایبەت بە مامۆستا و خوێندکاران بە شێوەی ئامادەکراو کاریگەری زۆری هەیە لە وەرگرتنی چەمکی مێژوویی بۆ خوێندکارانی قۆناغی سـێیەمی بەشـی زانســتە کۆمەڵایەتییەکان بەراورد بەخوێندکارانی کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو، کەبەشێوەیەکی ئاسایی خوێندوویانە.

**جیاوازی نێوان نمرەی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی توێژینەوەکی لەتاقیکردنەوەی چەمکە مێژووییەکاندا**

بۆدۆزینەوە و زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی(ســەربەخۆ)لەســەر گۆڕاوی(پاشـکۆ) تایبەت بەبەکارهێنانی لە قەبارەی جیاوازی بەکارهێنراوی دوای (ت)،کەجیاوازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆگۆڕاوی ســەربەخۆ (خوێندنی ئاوێتە) ،پاشان بە گۆڕینی بەهای (ت)ئەژمارکراو بۆبەهای(D)ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی قەبارەی ئەو کاریگەرییە، کە بەشێوەیەی سێ ڕەهەندیە وەک(بچووک،ناوەند،گەورە)،بەو شێوەیەی کە لە خشتەی(12 )خراوەتەڕوو.

**خشتەی(12 )**

نمرەی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵی توێژینەوەکە

| ئامرازی بەکارهاتوو | قەبارەی کاریگەری | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەهای (D) | بچووک | ناوەند | گەورە | زۆر گەورە |
| | ٠,٢ | ٠,٥ | ٠,٨ | ١,٣ |

(البكل،٢٠١٦: ٢٥)

بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری خوێندنی ئاوێتە لەســەر جیاوازی ناوەندە نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشــەکی گۆڕاوی پاشـکۆ بۆ هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە وەرگرتنی چەمکی مێژوویی هەردوو کۆمەڵ هەروەک لە خشتەی ژمارە(٤- ٣)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە( 13)**

دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری خوێندنی ئاوێتە لەســەر تاقیکردنەوەی پاشــەکی وەرگرتنی چەمکی مێژوویی کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | بەهای تی | نمرەی ئازاد | بەهای (D) | قەبارەی کاریگەر |
|---|---|---|---|---|---|
| فێرکردنی ئاوێتە | بەدەستهێنانی چەمکی مێژوویی | ٤,٠٨٠ | ٥٨ | ١,٠٧ | گەورە |

ئاماژەکردن بە خشــتەی (13) دەردەکەوێت ،کە قەبارەی کاریگەری خوێندنی ئاوێتە گەورەیە لە جیاوازی نمرەی تـاقیکردنەوەی پـاشــەکی گۆڕاوی پـاشــکۆ کۆمەڵی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو لە وەرگرتنی چەمکی مێژوویی لای خوێندکارانی قۆناغی ســێ یەمی بەشـــی زانســتە کۆمەلایەتیەکان، کە بەهای (D)ئەژمارکراو یەکســانەبە(١,٠٧ )،کە ئەمەش بەهایەکی گەورەیە.

**گریمانی دووەم:** هیچ جیاوازییەکی، بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی سەرەتایی وکۆتایی خوێندکارانی کۆمەڵی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکاندا نییە.

مەبەستی ئەنجامی ئەم گریمانەیە، ئەوەیە،کە ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی (پێشەکی وپاشەکی)کۆمەڵی ئەزموونی دەرهێنراوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی دوونموونەیی(t est) بۆ یەك نموونە و دۆزینەوەی بەهای (ت)هەژمارکراو بەبەراوردبە(ت) خشتەیی لە بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان، ئەنجامی گریمانەکە بەدیارکەوت هەروەك لە خشتەی (١٤) ژمارداخراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (تی) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری لەنمرەی بەدەست هاتووی چەمکی مێژوویی لەنێوان کۆمەڵی ئەزموونی**

| کۆمەڵ | نموونە | کۆمەڵ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| پێشەکی | ٣٠ | ئەزموونی | ٤٧،٥٣٣٣ | 10,84923 | ٥٨ | ١٠،٤١٠ | ١،٩٦ | بەڵگەدارە |
| پاشەکی | ٣٠ | | 61,3000 | 10,00396 | | | | |

ئاماژەکردن بەخشتەی ژمارە( ١٤)دا دەردەکەوێت، کە بەهای (ت) ئەژمارکراو یەکسانە بە(١٠،٤١٠)و بەهای خشتەیی یەکسانە بە(١،٩٦) نمرەی ئازاد بریتییە لە (٥٨) لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥)دایە لەبەر ئەوەی، کە بەهای(ت ) ئەژمارکراو،گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەی، بۆیە ئاماژەیە بەوەی، کە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئاستی وەرگرتنی چەمکی مێژوویی لای خوێندکارانی کۆمەڵی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی پێش خوێندنی پرۆگرامەکە بەراورد بە تاقیکردنەوەی پاشەکی دوای خوێندنی پرۆگرامەکەدا، ئەوەش لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی (پاشەکی)دایە،واتە ڕەتکردنەوەی گریمانەی (آ)کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نییە لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە و قبوڵکردنی گریمانەی جێگیرەوە،واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەکەدا.

**دەرەنجام:**

1. بەکارهێنانی ستراتیجی خوێندنی ئاوێتە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان بۆبابەتی مێژووی عێراقی نوێ و هاوچەرخ لە قۆناغی سێیەمی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەری بەرزی هەیە.
2. جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ جیاوازییەکانی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵی ئەزموونی و کۆمەڵی کۆنترۆڵکراودا بۆ کاریگەری و وەرگرتنی وانە بەستراتیجیەتی خوێندنی ئاوێتە بۆ بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان، کەلەبەرژەوەندی کۆمەڵی ئەزموونیدابوو.

3. جیاوازییەکی، بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی سەرەتایی وکۆتایی خوێندکارانی کۆمەڵی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکاندا.

ڕاسپاردە:

1. باشتر وایە مامۆستایان گرنگی بە بەکارهێنانی ستراتیژییە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە بدەن ، بەتایبەتی ستراتیژی فێرکردنی ئاوێتە، بۆ فێرکردنی چەمکە مێژووییەکان بەهۆی ئەو کاریگەرییە بەهێزەی، کە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەکان هەیەتی لەلای خوێندکاران.

2. بەکارهێنانی ئەم جۆرە لەخوێندنی ئاوێتە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ڕاهێنانی خوێندکاران ومامۆستایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی ناکاو نەخوازراوەکان، تا لەڕێگەی ئۆنلاینەوە خوێندکاران بێبەش نەبن لە خوێندن و وەرگرتنی زانیاری.

**لیستی سەرچاوەکان**


- **أبو الحطب ، محمد ، البيات ، محمد ، النعيمات ، ساجدة (٢٠٢٠). أنماط التعلم السائدة وعلاقتها بمستوى الرضا عن التعليم المدمج. مجلة الاتحاد الجامعات العربية للبحوث في التعليم العالي، ١ (٤٠)،١٧٣- ١٩٢**
- **أبو الريش، إلهام حرب (٢٠١٣) فاعلية برنامج قائم على التعليم المدمج في تحصيل متعلمات الصف العاشر في النحو والاتجاه في غزة .(رسالة ماجستير غير منشورة،) الجامعة الإسلامية، غزة، فلسطين**
- أبو حويج ،مروان ،(٢٠٠٢) : البحث التجريبي المعاصر , دار اليازوري , عمان.
- **الأمم المتحدة.(٢٠٢٠). التعليم اثناء كوفيد-١٩ وما بعدها، نيورك. وەرگیراوە، لە تارا محمود سلێمان ئەمین شیرین ابراهيم محمد رشيد توێژنەوەی (کاریگەری سیستمی خوێندنی ئاوێتە لەسەر پرۆسەی خوێندن لەزانکۆدا / توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەزانکۆی سلێمانی)**
- انصيو، عبيرمحمد ا سماعيل (٢٠١٨): اثر ا ستراتيجية التعليم المدمج على تحصيل طلبة الجامعة ألاردنية فى مادة جعرافيا ألاردن ،المجلة التربوية الأردنية. مج. ٣، ع. ٤ (كانون الأول ٢٠١٨)، ص ص. ٢٦-٤٥، ٢٠ص.
- **باوزير، سلوى ابو بكر و نادية عبد العزيز قربان (٢٠١١) تنمية المفاهيم التاريخية والجغرافية لطفل الروضة، ط ،١دار المسيرة، عمان.**
- البكل، دعاء جمال عبد الصمد؛ زكي، سعد يسى؛ و رمضان، حياة عمى محمد(٢٠١٦) فعالية استخدام التعمم الاستراتيجي في تنمية المفاهيم العممية في مادة العموم لدى تلاميذ المرحمدة الابتدائيدة. مجمدة البحدث العممدي فدي التربيدة، كميدة البندات لمعمدوم والآداب والتربيدة، جامعدة عين شمس، (١٧، جزء أول)،٧١٧- ٧٥٢
- بۆکانی، سابیر.(٢٠١٦)،ڕێبازی توێژینەوەی زانستی. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا:سلێمانی.
- بۆکانی، سابیر، (٢٠٢٠). ڕێبازی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- بۆکانی، سابیر، (٢٠٢٠). ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکان، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- **جابر، وليد أحمد وآخرون،(٢٠١١) طرق التدريس العامة (تخطيطها وتطبيقاتها التربوية)، ط٤، دار الفكر،** عمان.
- الجابري ،كاظم كريم(٢٠١١) مفاهيم البحث في التربية وعلم النفس، بغداد، مكتبة النعيمي.
- **الحراشـة، عادي عبود مرسـي (٢٠١٢)إثر تدريس التربية الإسـلامية باسـتخدام المدخل الدرامي على تنميه بعض المفاهيم الدينية لدى تلاميذ الصـف الخامس الأسـاسـي بالأردن، رسـالة ماجسـتير غير منشـوره، كليه البنات للآداب التربوية، جامعه عين الشمس، الاردن**
- **حسين، خليل ايبراهيم (٢٠٢٠) اثر استعمال استراتيجية الخرائط الذهنية في تدريس المفاهيم التاريخية لتنميه مهارات التفكير الاسـتدلالى لدى طلاب الصـف الرابع الادبي ،وزارة التربية، الكلية التربوية المفتوحة/مركز كركوك، مجلة دراسات تربوية، ملحق العدد(٥٢)**
- **الخزرجي، حمد جاسـم محمد وعباس سـلمان محمد علي ، التعليم الالكتروني في العراق وأبعاده القانونية ، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ، ، ٢٠١٨العدد : ،١المجلد: ، ٨ص.**
- **الخياط، ماجد محمد (٢٠١٠) أسـاسـات القياس والتقويم في التربية، ط١، دار الراية للنشـر والتوزيع، الأردن.**
- **داود، حيدر مهدي، ورائد ادريس محمود، ،(٢٠١٣) اثر اسـتخدام التعليم المتمازج في تحصـيل طالب الصـف الخامس العلمي في مادة الكيمياء واتجاهاتهم نحو هذا النوع من التعليم، ورقة مقدمة الى المؤتمر الثاني حول التعليم االلكتروني المنعقد في الكويت للفترة من ١٥ – ١١ اذار ٢٠١٣.**
- **داوود، عزيز، (٢٠١١)،مناهج البحث فى العلم النفس، دار أسامة للنشر والتوزيع،الاردن**
- الركابلي، هديل راهي علي، (٢٠١٥). اثر انموذج هلداتابا المحسـوب فى اكتسـاب المفاهيم التأريخية و اسـتبقائها لدى طالبات الصـف الخامس، اطروحة دكتوراه منشـورة، فى مجلة كلية التربية الاسـاسـية للعلوم التربوية والنسانية جامعه بابل.
- **السـبيعي ،علي رسـام هاجد و القباطي، علي عبد الله أحمد ، واقع اسـتخدام التعلم المدمج من وجهة نظر معلمي ومعلمات اللغة العربية في تدريس طلاب المرحلة الابتدائية ، المجلة العربية للنشـر العلمي : ،العدد 21ـ ،٢٠٢٠جامعة بيشة ـ كلية التربية ـ المملكة العربية السعودية ،ص.٥٥**
- **سعادة، جودت أحمد،(١٩٨٤) مفاهيم الدراسات الإجتماعية، ط ،١دار العلم للملايين، بيروت.**
- السـكران، محمد، (٢٠٠٠)أسـاليب تدريس المواد الاجتماعية، ط ،٢دار الشـروق للنشـر والتوزيع ، عمان – الأردن .
- **سـلامة، حسـن علي حسـن سـلامة (٢٠٠٥ ) . التعلم الخليط التطور الطبيعي للتعلم الالكتروني. مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد: ) ١٧٠الجزء الثاني( أكتوبر لسنة ٢٠١٦م**

- **الشــجيري، ياســر خلف، والزهيري، حيدر عبد الكريم (٢٠٢٢) اتجاهات حديثة في القياس والتقويم النفسي والتربوي، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.**
- شــفيق ، ابتســامة علوان (٢٠١٩) اثراســتراتيجية التعليم المتمازج في التحصــيل واكتســاب المفاهيم التاريخية لدى طلبة قســم التاريخ في كلية التربية للعلوم الإنســانية في جامعة المثنى مجلة كلية التربية الاســاســية للعلوم التربوية والانسانية ع.٤٢
- صــبري، ســعاد محمد،(١٩٩٣) تقويم اسـئلة الامتحانات الوزارية للمرحلة الإعدادي لمادة التأريخ، أطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد،
- **عبد الرحمن، عبد الله ســعود( ٢٠١٦) إثر اســتراتيجية التعليم المتمازج في تحصــيل طلبه كليه العلوم الإسلامية وتنميته المفاهيم الفقهية لديهم، مجله ديالى العدد(٦٩)**
- **عبدالرؤوف،طارق أيهاب عيسى المصرى،(٢٠١٧) ، المقاييس والاختبارات تصميم و الاعداد والتنظيم،ط١، المجموعة العربية للتدريب والنشر،القاهرة ،المصر**
- **عطية، محسن علي، (٢٠١٣)، المناهج الحديثة وطرائق التدريس، دار المناهج للنشر والتوزيع.**
- عوض، حســني محمد، واياد فايز ابو بكر، (٢٠١٢) اثر اســتخدام نمط التعلم المدمج في تحصــيل الدارســين في جامعة القدس المفتوحة/ فلسطين، مجلة العلوم التربوية والنفسية، المجلد )٢٠( العدد )١.(
- **الفقي، عبد اللاه إبراهيم .(2011) التعلم المدمج التصميم التعليمي: الوسائط المتعددة .عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع.**
- **مبدر محمد علي. ٢٠٢٠. أثر انموذج ديفز في اكتســاب المفاهيم التاريخية عند طلاب الصــف الخامس الأدبي .مجلة آداب الفراهيدي،مج. ١٢، ع. ٤٢، ج. ٢، ص ص. ٣٦٥-٣٨٨.**
- **محمد، فايز أحمد. (٢٠٢٠). أثر استخدام بيئة تعلم مدمج قائمة على التعلم التشاركي والحوسبة السحابية في تنمية مهارات الجداول الحســابية لدى تلاميذ المرحلة الإعدادية، مجلة دراســات في التعليم الجامعي، مركز تطوير التعليم الجامعي، كلية التربية، جامعة عين شمس، (٤٩)،٢٨٠٠-٨٩٣.**
- **المشهدانى، سعد سلمان، ٢٠١٩ ،منهجية البحث العلمى، دار أسامة/ نبلاء للنشر والتوزيع،الاردن**
- نوفل ، محمد بكر ، فريال محمد أبو عواد(٢٠٠٩)،التفكير والبحث العلمي، ط١، دار المســيرة للطباعة والنشــر والتوزيع، عمان.
- **الوكيل، حلمي احمد وحســين بشــير محمود. (٢٠٠١) لاتجاهات الحديثة في التخطيط وتطوير مناهج المرحلة الأولى، دار الفكر العربي، القاهرة**
- **وەسمان، محەمەد ،(٢٠١٩) «فەرهەنگی نەوەکان (قاموس الأجيال)»، عەرەبی-کوردی، هەولێر: چاپخانەی سنوور.**

- الياسري، محمد جاسم، (٢٠١٠) الأسس النظرية لاختبارات التربية الرياضية , ط١، النجف الأشرف ، دار الضياء للطباعة والتصميم ،, ص٧٣. شبكة الانترنت المعلوماتية.

- Guzer,Bayram and Caner Hamit.(2013).The Past, Present and Future of Blended Learning an in Depth Analysis of literature, Eastern Mediterranean University, Faculty of Education, Department of Educational Scince, Famagusta, North Cyprus

- For-sjov testen på www.mensa.dk er baseret på IQtest.dk udviklet af Anders Ditlev Jensen, MD. HTML-version af testen er udviklet af John V. B. Doktor. https://www.mensa.dk/iqtest/